# هەنگاوی بەپەلە

## ڕێگەی چاوەدێریی پزیشکی بە مانگرتووانی برسیەتی نادرێت

**لە زیندانەکانی سەرانسەری تورکیادا سەدان کەس مانیان لە نانخواردن گرتووە (هەندێکیان لە ١٢ی مانگی سپتەمبەرەوە).**
**پارێزەرەکان بە لێبووردنی نێونەتەوەییان ڕاگەیاندووە کە بەرپرسانی زیندان ڕێگرییان لە زۆرێک لە مانگرتووانی برسیەتی کردووە دەستیان بە چاوەدێریی پزیشکی ڕابگات، ئەوەش بۆتە هۆی مەترسیی زیاتر لە سەر تەندروستییان.**

ڕۆژی ١٢ی سپتەمبەر، دەوروبەری ٦٠ زیندانی لە حەوت زیندان لە شوێنی جیاجیای تورکیا دەستیان بە مانگرتن لە خواردن کرد. مانگرتنەکان بۆ نارەزایی دەربڕین دەستی پێکرا سەبارەت بە مۆڵەت نەدانی درێژخایەنی دەسەڵاتداریەتی بە پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئوجەلان ڕێبەری پارتیا کرێکارێن کوردستان (پ ک ک) بۆ چاوپێکەوتنی، هەروەها بۆ داوخوازیی مۆڵەتی پەروەردە بە زمانی کوردی. لە مانگی سپتەمبەرەوە ژمارەی ئەو کەسانەی وا مانیان لە خواردن گرتووە لە زیادیی داوە. بە گوێرەی وەزارەتی داد، تا ڕۆژی ٢ی نوامبەر، ٦٨٢ زیندانی لە ٦٧ زیندان لەگەڵ مانگرتووان کەوتوون.

ئەو پارێزەرانەی وا نوێنەرایەتی مانگرتووان دەکەن بە لێبووردنی نێونەتەوەییان ڕاگەیاند کە دوکتورەکانی زیندان بەشێوەیەکی بەردەوام ڕەفزی ئەوەیان کردووە کاری تاقیکردنەوەی پزیشکی مانگرتووانی خواردن، وەک پشکنینی گوشاری خوێنی زیندانییەکان بەرێوەبەرن. پارێزەران هەروەها گوتیان کە لە هەندێک حاڵەتدا مۆڵەتی ئەوە نەدراوە کە پارێزەری بەشێک لە زیندانییەکان هەندێ ڤیتامینی گەلێک گرنگیان بۆ ببەنە ناو زیندانەوە. زیندانییەک کە مانی لە خواردن گرتووە، لە زیندانی 'سنجان' کە زیندانێکە لە چەشنی ئێف، گوایە مەجبوور کراوە ٣٦ سەعاتەڕێ بڕوات بۆ ئەوەی بەشداریی دانیشتنی دادگایەک بەکات، ئەوش سەرەڕای تەنگژەی زۆری جم وجۆڵی کەسەکە و ڕاپۆرتێکی دوکتور کە ڕێنومایی کردبوو نەچێتە سەفەر.

دڵنیگەرانی زیاتر هەیە سەبارەت بەو زیندانییانەی وا لە زیندانی سیلیڤاری و سەرکان مانیان لە خواردن گرتووە و خراونەتە ژووری تاکەکسییەوە، هەروەها پاسەوانانی زیندانی تەکرداغ لە ئەنجامی بەشداریکردنی زیندانیان لە نارەزایی دەربڕین بەهۆی مانگرتن لە خواردنەوە، هەڵس وکەوتی نابەجێیان لەگەڵ دەکەن.

**تکایە دەست بەجێ بە زمانی تورکی یا بە زمانی خۆتان نامە بنووسن و:**

- وەبیری دەسەڵاتداریی بهێننەوە کە مانگرتووان لە خواردن بەشدارییان لە شێوازێکی ئاشتیخوازانەی نارەزایی دەربڕین کردووە و ئەرکی سەرشانی دەسەڵاتداریەتی تورکە مافی ئەوان بۆ دەربڕینی ئازادانەی بۆچوون، بە مافی نارەزایی دەربرینەوە، بپارێزێت؛
- داوا لە دەسەڵاتداریەتی بکەن دڵنیایی پێک بهێنن بۆ ئەوەی مانگرتووان لە خواردن بە شێوازێکی بەرێ وجێ دەستیان بە خاوەن پیشەی شیاوی پزیشکی و هەموو چەشنە یارمەتییەکی پزیشکی، ڕێنومایی و هەموو چارەسەرێک ڕابگات کە لەسەر بنەمای ئەو ڤیتامینانە وەری دەگرن وا پارێزەرەکانیان یا ئەندامانی بنەماڵەیان بۆیان دابین دەکەن؛
- داوا لە دەسەڵاتداریەتی بکەن دڵنیایی پێک بهێنن کە هیچ سزایەک بۆ ئەو زیندانییانە نەگیرێتە بەرچاو وا مانیان لە خواردن گرتووە و بە شێوەیەکی ڕەها بەرگر بن لە هەمووچەشنە ئەشکەنجە یا شێوازێکی هەڵس وکەوتی نابەجێ دەرحەق بەوان؛ و لێکۆڵینەوەی خێرا، هەمەلایەنە، بێ لایەن و شوێندانەر بەرێوە بەرن سەبارەت بەوەی کە گوایە زیندانیان لە زیندانەکانی سیلیڤاری، سەرکان و تەکرداغ هەڵس وکەوتی خراپیان لەگەڵ کراوە یا بەهۆی بەشداری لە مانگرتنەکە، سزا دراون.

**تکایە داواکارییەکانتان پێش ٢١ ی دیسەمبەری ٢٠١٢ بنێرن بۆ:**


Ministry of Justice
Sadullah Ergin
Adalet Bakanı
Adalet Bakanlığı
06659 Ankara, Turkey
فەکس: +90 312 417 71 13 (keep trying)
ئیمەیل: sadullahergin@adalet.gov.tr
**عینوان: جەنابی وەزیر**

Parliamentary Commission on Human Rights
Ayhan Sefer Üstün
Commission Chairperson
TBMM İnsan Hakları İnceleme Komisyonu
Bakanlıklar, 06543 Ankara, Turkey
Fax: +90 312 420 53 94
Email: insanhaklari@tbmm.gov.tr
**عینوان: ڕێزدار نوێسونی خۆشەویست**


**هەروەها نوسخەی نامەکەتان بنێرن بۆ نوێنەرانی سیاسی جێگەی بڕوای ووڵاتی خۆتان. تکایە ئەدرەسی سیاسی خۆجێ یی لە خوارەوە بنووسن:**
**ناو ئەدرەسی ١ ئەدرەسی ٢ ئەدرەسی ٣ فەکس ژمارەی فەکس ئیمەیل ئەدرەسی ئیمەیل عینوان عینوان**

**تکایە ئەگەر دوای ئەو ڕێکەوتەی سەرەوە نامەتان نارد، سەرەتا لەگەڵ ئۆفیسی بەشەکەتاندا قسە بکەن.**

# هەنگاوی بەپەلە

## ڕێگەی چاوەدێریی پزیشکی بە مانگرتووانی برسیەتی نادرێت

## زانیاری زیاتر

لە تورکیا، مانگرتن لە خواردنی زیندان گەلێک جاران وەک شێوازێکی دەربڕینی ناڕەزایی کەڵکی لێ وەرگیراوە. ڕۆژی ٢٠ ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٠، زیاد لە ١٢٠٠ زیندانی دەستیان دایە مانگرتن لە خواردن؛ ئەوە بۆ ناڕەزایی دەربڕین بوو دەرحەق بەوەی ڕایاندەگواستنە زیندانێکی تازە کە تێیدا لە جیاتی بەشی ناوخۆیی تا ڕادەی ٦٠ کەسی، دەخرانە ژووری بچووک بچووکەوە. زیندانییەکان لەوە دەترسان کە لەوێ بکەونە بەر مەترسی زیاتری لێدان و ئەشکەنجە. کاتێ هێرشەکان لە ١٩ ی دیسەمبەردا دەستی پێکرد، هێشتا ٢٠٠ کەسێک هەر لەسەر مانگرتن لە خواردن مابوون و بەگوێرەی هەواڵ، لەمردن نزیک بوون. دەسەڵاتداریەتی تورک بە زەبری زۆر دەستی خستە کارەکەوە بۆئەوەی لە ژێر ناوی عەمەلیاتێکدا کە پێیان دەگوت 'گەڕانەوە بۆ ژیان'، کۆتایی بە مانگرتنەکە بهێنن. لە ماوەی هێرش کردنەکاندا بۆ سەر ٢٠ زیندان، ئەم عەمەلیاتە گەیشتە ئەنجامی مردنی ٣٠ زیندانی و دوو سەرباز. هەواڵ گەیشت کە وەزیری داد گوتوویەتی "لای کەم ١٦ زیندانی مردن کە زیاتریان ئاگریان لەخۆیان بەردا." ئەو نەیگوت زیندانییەکانی دیکە چۆن مردن.

لە ماوەی دوو ساڵی دوای ئەویشدا مانگرتن لە خواردن بەردەوام مایەوە، و بووە هۆی لەدەستدانی گیانی چەند دەرزەن خەڵک- کە هەندێکیان زیندانیش نەبوون.

لێبووردنی نێونەتەوەیی پشتگیری مانگرتن لە خواردن ناکات، هەروەها هەوڵ نادات هانی مانگرتووان لە خواردن بدات ئەو ناڕەزایی دەربڕینە بوەستێنن. ڕێکخراوەکە دژ بە هەرچەشنە سزادانێکی مانگرتووان لە خواردن و هەنگاونان بۆ زۆر لێکردنیان لەپێناو کۆتایی هێنان بە مانگرتنەکەیە. ئەو چەشنە کارانە دەستدرێژی کردنن بۆ سەر مافی ئازادیی ڕادەربڕین، هەروەها بۆی هەیە بگاتە هەڵس وکەوتی بێ بەزەییانە، نامرۆڤانە یا سووکایەتی پێکردن یا خود سزادانی کەسەکان. ئەرکی سەرشانی دەسەڵاتداریەکانە کە مافی زیندانیان بۆ ژیان و تەندروستی دەستەبەر بکەن و دڵنیایی پێک بهێنن کە مانگرتووان لە خواردن، وەک هەموو زیندانییەکی دیکە، بە شێوەیەکی ڕێک وپێک دەستیان بە خاوەن پیشەی شیاوی پزیشکی و هەموو چەشنە یارمەتییەکی پزیشکی، ڕێنومایی و هەموو چارەسەرێک ڕابگات کە بە خواست و لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی خۆیان وەری دەگرن.

ناو: نزیکەی ٧٠٠ زیندانی کە لە تورکیا مانیان لە خواردن گرتووە
ژێندەر نێر/ مێ: هەردوکیان

UA: 329/12 Index: EUR 44/022/2012 Issue Date: 9 November 2012